هەرێمی کوردستان - عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثروات الطبيعية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Natural Resources

ژمارە / ٨٦٩٢
ڕێکەوت : ١٩ / پوشپەڕ / ٢٧١٤ ی کوردی

No :
Date : 10 / 7 / 2014

هەرێمی کوردستانی عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەرچـوو
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

## فەرمانی وەزاری

لەبەر بەرژەوەندی گشتی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی سووتەمەنی (بەنزین) و ئاماژە بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٨١٥) لە بەرواری ٢٠١٤/٦/٢٢ وە فەرمانی وەزاریمان ژمارە (٨٣٥٣) لە بەرواری ٢٠١٤/٧/١ وە ڕێنماییەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردەکردنی سووتەمەنی ژمارە (٢٠١٤/أ/١) وە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری ٢٠١٤/٧/٧ و هەروەها وتووێژکردن لەگەڵ لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارماندا بە :.

١. لە کۆی ڕێنماییەکانی هاوردەکردنی بەنزین ئەم (٢) دوو مەرجەی خوارەوە کاری پێناکرێت :

أ. هەبوونی عەمبار بە بڕی (٣٠,٠٠٠,٠٠٠) سی ملیۆن لیتر.

ب. بوونی مۆڵکداری (٣) سێ وێستگەی دابەشکردنی سووتەمەنی.

٢. گشت ئەو کۆمپانیایانەی مۆڵەتی هاوردەکردنی بەنزینی بازرگانیان هەیە پێویستە پابەندی سەرجەم مەرجەکانی کۆنترۆڵی جۆری بن کە لە خشتەی ڕێنماییەکانی (٢٠١٤/أ/١)دا هاتووە ، بە پێچەوانەوە ڕووبەرووی توندترین سزا دەبنەوە.

٣. هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی (تاکسی و پاص) بە کۆبۆن بەنزینیان پێدەدرێت بە نرخی (٥٠٠) پێنج سەد دینار بۆ هەر لیترێك لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.

٤. هۆکارەکانی گواستنەوەی تایبەت (خصوصی) بە کۆبۆن بەنزینیان پێدەدرێت بە نرخی (٨٠٠) هەشت سەد دینار بۆ هەر لیترێك لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان تاکو دەرچوونی ڕێنمایی نوێ.

٥. کارکردن بە سیستمی کۆبۆن بەردەوام دەبێت بە نرخی (٨٠٠) هەشت سەد دیناری عیراقی بۆ یەك لیتر بەنزین بەم مەرجانەی خوارەوە :

أ. دەرکردنی کۆبۆن بۆ هەر ئۆتۆمبێلێك دەبێت لەسەر بنەمای فۆرمی خۆراك و سالانەی ئۆتۆمبێل بێت ، بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە یەك خێزاندا ، بە مەرجێك خاوەن ئۆتۆمبێل ناوی لە سالانەکەدا هەبێت (واتا خاوەنی سالانەکە بێت ).



Kurdistan Region – Erbil
Phone :
E-mail: administration@mnr.krg.org
00964(0)662550041 , 00964(0)662550042
هەرێمی کوردستان – هەولێر
تەلەفۆن :

| هەرێمی کوردستان – عیراق | | اقليم كوردستان – العراق |
|---|---|---|
| سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران | | رئاسة مجلس الوزراء |
| وەزارەتی سامانە سروشتییەکان | | وزارة الثروات الطبيعية |

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Natural Resources

No :
Date : ١٥/ ٧ / 2014

ژمارە / ٨٦٩٤
ڕێکەوت : ١٩ / پوشپەڕ / ٢٧١٤ ی کوردی

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەرچوو
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان

ب. بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە هاووڵاتیان بە شێوەی (قسط) کڕیویانە و ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکانیان بە ناوی خۆیان نیە ، کۆبۆنیان پێدەدرێت بە مەرجێك خاوەن ئۆتۆمبێل بەڵێننامەی دادنووس پێشکەش بکات .

ج. بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە تابلۆی ژمارەکانیان (هەرێم) نین کۆبۆنیان پێدەدرێت بە مەرجێك لە جیاتی ساڵانەی ئۆتۆمبێل (ئارمی پلاستیکی ٢٠١٣-٢٠١٤ ) و ڕێگە پێدانی ئاسایشیان پێ بێت لەگەڵ فۆرمی خۆراك و کارتی زانیاری بە مەرجێك خاوەنداری کارتی زانیاری بگەڕێتەوە بۆ خاوەنی ئۆتۆمبێل کە هەڵگری (ئارم)ەکەیە.

د. کۆبۆنی بەنزین بەو هاووڵاتیانە دەدرێت کە فۆرمی خۆراکیان سەر بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم (ماددەی ١٤٠)ن وە کارتی زانیاریان هەرێمی کوردستانە وە هەروەها ساڵانەی ئۆتۆمبێلەکانیان بە ناوی خۆیانە.

ر. بۆ هەر کۆبۆنێك هەفتانە (٥٠) پەنجا لیتر بەنزین دەدرێت ، هەروەها ئۆتۆمبێلی تاکسی و پاص (١٠٠) سەد لیتر بەنزینی بۆ تەرخان دەکرێت بە واتای بەکارهێنانی دوو پسوڵەی کۆبۆن لە هەفتەیەکدا.

٦. سەبارەت بەو ئۆتۆمبێلانەی کە کۆبۆنیان پێنادرێت واتە سیستەمی پشتیوانی کراو (مدعوم) نایانگرێتەوە یاخود ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە هەفتەیەکدا زیاتر لەبڕی تەرخانکراوی کۆبۆنیان پێویستە ، ئەوا دەتوانن لە هەر یەك لە وێستگە بازرگانیەکان بەنزینیان دەست بکەوێت بە نرخی (١,٢٥٠) هەزارو دوو سەدو پەنجا دینار بۆ هەر لیترێك ، وەکو بەرزترین ئاستی نرخ.

٧. ئەم ڕێنماییانە پیادەکرێن هاوکات لەگەڵ کۆتایی هاتنی قەیرانی سووتەمەنی ڕێنمایی نوێ سەبارەت بە دابەشکردنی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت.

٨. ئەم فەرمانە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٧/١٢ کاری پێدەکرێت.

د.ئاشتی هەورامی
وەزیری سامانە سروشتیەکان
٢٠١٤/٧/١٠




Kurdistan Region – Erbil
Phone :
E-mail: administration@mnr.krg.org
00964(0)662550041 , 00964(0)662550042
هەرێمی کوردستان – هەولێر
تەلەفۆن :

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثروات الطبيعية

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Natural Resources

No :
Date : 15/ 7 / 2014

ژمارە / ٨٦٩٤
ڕێکەوت : ١٩ / پوشپەڕ / ٢٧١٤ ی کوردی

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەرچوو
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

وێنەیەك بۆ :

- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان / لیژنەی نەوت و غاز ... لەگەڵ ڕێزماندا .
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سکرتاریەتی ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری نەوت و گاز ...لەگەڵ ڕێزماندا .
- نووسنگەی بەڕێز جەنابی وەزیر / لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی ناوخۆ / بەڕیوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت / بۆ ئاگاداری و هاوکاریتان / لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی دارایی ئابووری / بەڕیوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت / بۆ ئاگاداری و هاوکاریتان / لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی پلاندانان / بەڕیوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت / بۆ ئاگاداری / لەگەڵ ڕێزماندا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / بۆ ئاگاداری /لەگەڵ ڕێزماندا .
- ب.گشتی کاروباری کارگێری ودارایی / لەگەڵ ڕێزماندا .
- ب.گشتی کاروباری وەبەرهێنانی کانزایی / لەگەڵ ڕێزماندا .
- ب.گشتی پشکنین و سانسۆری ناوخۆ / لەگەڵ سەرەتاکاندا .
- پارێزگاکانی (هەولێر / سلێمانی / دهۆك / ئیدارەی گەرمیان ) بۆ ئاگاداری و هاورکاریتان / لەگەڵ ڕێزماندا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی دابەشکردنی سووتەمەنی لە پارێزگاکانی (هەولێر/ سلێمانی /دهۆك) بۆ کاری پێویست .
- ب.ژمێریاری ....تکایە .
- ب.ووردبینی ....تکایە .
- دۆسیەی گشتی



Kurdistan Region – Erbil
Phone :
E-mail: administration@mnr.krg.org
00964(0)662550041 , 00964(0)662550042
هەرێمی کوردستان – هەولێر
تەلەفۆن :